حكومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
سکرتاریەت

حكومة اقليم كوردستان
مجلس الوزراء
السكرتارية

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (١٥٤) لە ٢٠٢٢/٦/١٥

پشتبەست بە حوكمەكانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٨٤) لە ٢٠٢٢/٦/١٥، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. پەسەندکردنی پڕۆژە یاسای هەموارکردنی ماددەی (چوارەم) لە یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ تایبەت بە زیادکردنی سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و گاز وەک خۆی، جگە لە ماددەی (٤) لە پڕۆژە یاساکە کە جێبەجێکردنی لە ڕۆژی دەرچوونی یاساکە دەبێت لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانەوە دوای تەشریعکردنی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە نەک لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان).

٢. ڕاسپاردنی بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان بە ڕەوانەکردنی پڕۆژە یاساکە بۆ پەرلەمانی کوردستان بۆ تەشریعکردنی.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**